# چۆن سوکایەتی ئەکرێ بە کومەلگا

ئەیوب بارزانی 31 ئاب 2014

ئەمرۆ 31 ئاب، لە ناو چەند روژنامەی کوردی و پەخشی تلفزیونەکانی کوردستان یادی ئەم روژە کرا . پێش 18 سالّ ، سەروکی حزبی دیموکراتی کوردستان وسەروکی هەرێمی ماوە بە سەرداچووە، بە پیلانەکی هاوبەش( پارتی و بەعس) ، تانکەکانی سەدام حوسەین هێنایە هەولێر و توانی هێزەکانی ێکەتی دەرکات و راوی نان تا سلێمانیش پیێ چوول کرا بۆ ماوەیەك.

سەروکی (پ .د .ك) گوتی لە پاساوەکەی بوو ئەم کارە کە زوربەی رەوشەنبیرەکان بە خیانەت لە قەلەم دەدەن : "سەرکەوتنی دیموکراسییەتە بەسەر دیکتاتورییەت" ! هیچ کەسانێك باوەری بەم قسانە نە بوو هەتا خودی خوشی؟ بەلّام بوومان دەرئەکەوێ ، تا چ رادەیەك کومەلگای کوردی باشور تەلقین کراوە بە کولتوری بێ دەنگی بەرامبەر بە "هاوپەیمانی ناپاکی سەرکردەکانی کلیپتوکراتی[1] کورد لە گەلّ داگیرکەران".

بوومان دەردەخات کە (کلیپتوکراتی باشوور" لە کومەلگای کورد ناترسن و بێ مینەتە، کومەلگایەکی خەساندویانە، وچاك دەسکاری خوویان ناسیوە وبەهای لە لایەن سەرکردەکان لە ژێر سفرە .

کلیپتوکراتی باشور کە خۆیان ، پێش ئەوانیش بەعسیەکان ، پەروەردەی ئەم کومەلگایەن، وایان فێرکردون، نە هەر بێدەنگی بەرامبەر "خییانەت" بەلکو چەبلە لێدان وهەلّپەرکی بووی بکەن لە سەر شەقامەکان و سەروکی بە موقەدەس دابنێ ، کومەلگا فێری بێدەنگی لە : "دزی" ، "تەزویر" ، "شکاندنی کەرامەت" ، کوشتن " ، "کوێلایەتی بو داگیرکەر" "زیندانی نهێنی" ونەهیشتنی هەمو جورێ ئازادیەکانی گشتی.

کولتوری کە لە ناو کومەلگا چاندویانە ، "کولتورێکە لایق بە ئاستی ئاژەلّە" تێر بخۆ و بێدەنگ بە". میکانیزمی "کوێلایەتی کومەلگا" پاش "بێدەنگی" بە چەند قوناغی تر تێپەردەبی، ئەوجا موچەی کەمێ زیاتر دەکرێ ، پلە و پایە ، یان پارچە زەوییێك، یان ئوتومبیل یان قەسرێك پێیان دەدرێ، بۆ ئەوەی مەدحی کلیپتوکرات بکات ، ئەو دیاردەیە خۆی دەبێنێ لە زیادبوونی فەوجەکانی قەلەم هەلگری ماستاوچی لە میدیاکانی حزبی ، یانیش بە ناوی موستەعار ، یان بەناوی ئوپوزیسیون کە کلیپتوکرات خۆی دروستکردوون و تەمویلی دەکا.

پاشان گروپی بسبووری لە پروپاگەندەی درو ، لە قوناغی تر ئەرکی خۆی دەبینی ، هەمو پێشێلکردنی ئاسای ، ناعەدالەتی ، پیسخوری و دزی کلیپتوکراتی باشور ، دەشارێتەوە و بە فیداکاری ونیشتمان پەروەری پێشکەش بە گەلی کوردستان دەکا.

---

[1] بە مانای "دەسەلّاتێك دزی لە ملەتی خۆی دەکا"

لەناو ئەم کولتورە سقەتەدا، باس لە پیسخوری ، کارە کانی نا یاسایی سەروك ، برایەکانی، کورەکانی ، برازاکانی، خالەکانی قەدەغەیە ، لە هیچ کارەسات بەرپرس نین ، لەم کولتورەی کوێلایەتی به سەدەها 31 ئاب ڕوبدات جیگای سەرسورمان نیە ، 31 ئاب بەرهەمی ئەم کولتورەیە کە لە شەستەکانی چاخی رابردو چینرابوَ ، و بە وردی لە لای داگیرگەران سەقامگیرکرا بوَ پاراستنی ئەم کلیپتوکراتەی ئێستا ، چونکە باشترین ئامرازە لە دەست داگیرکەر بوَ بەرژەوەندی خوَی.

"دەسگای ئەمنی " یان ملیشیای حزبی کە کلیپتوکراتی دەسەڵاتی باشور سازکردوە ، بوَ سەرکوتکردنی ناوخودی کومەلگای باشورە ، نەك بو پاراستنی کومەلگا وولآت لە مەترسی دەرەکی، بە ڕاشکاوی لە کارەساتی شەنگال ئەم راستیە بینیمان. کە چی لە ئاستەی ناو خودی کومەلگای باشور، دەزگا ئەمنیەکانی حزبی، پروفیسوری زانکو لە ناو خودی هەولێر رفاندووە و لێدراوە وسوکایەتی پێکراوە، لە زانکوی سەلاح الدین قوتابی زانکو رفێنرا وکوژرا وهیچ لە ئەندامەکانی کلیپتوکرات دادگا نەکران.

لە ناو کومەلگای باشور ، هاوپەیمانەك راستەو خو یان نە راستەو خو ، لە نیوان کلیپتوکراتی کورد و داگیرکەرانی کورستان لە کارایە، ئەم هاوپەیمانە کولتوری کوێلایەتی دەپارێزی لە رێگای هێشتن و پتەو کردنی کلیپتوکراتی حزبی دەسەڵاتداری ئێستا.

لە کانی وشیاربونەوەی سیاسی جەماوەر و پەیدابوَنی ئوپوزیسیون ، ئەو هاوپەیمانە توانی بچێتە ناو ڕێزی ئوپوزیسیون ، جلوبەرگی ئوپوزیسیون لە خوَی بکا ، ووشەکان و درووشمەکانی ئوپوزیسیون بەکاربێنێ، تا توانی لەم ڕێگایەوە ، هیزی ئوپوزیسیون بەلاڕێ ببات ، دوور لە ئامانجەکانی گورانکاری بنە ڕەتی جەماوەر.

بوَ ئەوەی کوتایی بێ ، بە دیاردەی 31 ئابی کون وتازەی شەنگال ویێ ئایندە، پێویستی بەگژداچوونی ئەم کولتورەبین ، کە لە ناو کومەلگای کوردستانی باشور بە سالەها سەقامگیر بووە، ئەمەش لە ڕێگای کەسانی نیشتمان پەروەر ودووربین و نەترس ، کوَم بنەوە لە ناو رێکخراوەیەکی مودێرن دوور لە هەموَ کارای کولتوری کلیپتوکراتی ئێستا.[2]

---

[2] http://kcdme.com/page45aaa.html : Mercenary Culture Prevalent in Kurdistan-Iraq
b+c=C